## سەرنجدانێک

# لە هەڤپەیڤینی میدیا لەگەڵ پرۆفیسۆر شاکرێ خدۆدا



جەمال نەبەز
بەرلین - ئەڵمانیا

هاتنی شاکرێ خدۆو هاوکارانی لەمۆسکۆوە بۆ هەولێر بوو بەهۆی هێنانەوە بیری گەلێك بەسەرهاتی هەناوتەکێنی کوردەکانی ئیمپراتۆرێتیی رووخاوی سۆڤێت و، هەروەها کولاندنەوەی برینی سارێژنەبووی گەلکوژی رژێمی سۆڤێت لەکوردی بندەستی خۆیو، خراپەکاری ئەو رژێمە لەگەڵ دەرەوەی سۆڤێت بەدرێژایی مێژووی رەشی خۆی هێندێك لەو بەسەرهاتانە لەو وتووێژەدا کەوتنە روو کە (تەلەڤیزیۆنی کوردستان) لەهەولێر لەئێوارەی ١١/٨دا سازی کرد بۆیان، کەئەز ژی یەکێك بووم لەبەشدارانی ئەو وتووێژە.

هەڤپەیڤینی (میدیا)ش لەگەڵ شاکرێ خدۆ: رۆناکییەکی دیکەی خستە سەر ئەو باسە.

بەکورتی؛ قسەکانی شاکریٚ خدۆو هاوکارەکانی بەرەو ئەوە دەچوون کە گوایە رەوشی کورد لەکۆمارەکانی ئیمپراتۆریٚتیی سۆڤیٚتیدا گەلیٚك لایەنی باشەی هەبووە، بەلاٚم پاش رووخانی رژیٚمی سۆڤیٚت بەجاریٚك خراپ بووە. لەم لایەنە باشانە ئەوە بووە کە گەلیٚك پەرتۆك بەزمانی کوردی، یان لەبارەی کوردەوە، بەتایبەتی بەزمانی رووسیو ئەرمەنی دەرچوون، کوردەکان لەویٚ شانۆیان هەبووەو، هیٚندیٚك کوردیش توانیویانە خویٚندنی بەرز تەواو بکەن و پلەو پایەیان پیٚ بدریٚ، کە کاك شاکر خۆشی یەکیٚکە لەوانە. قسەکانی منیش کە تەلەڤیزیۆن بلاٚوی کردنەوە، ئەوە بوو؛ راستە ئەو شتانە هەبوون، هەرچەندە دەبیٚ ئەوەش بیٚژین کە کوردناسیو لیٚکۆلٚینەوە لە کوردو پیٚوەندیی رووس لەگەلٚ کورد لەسەرەتاوە لەسەردەمی ئیمپراتۆریٚتیی قەیسەریدا دەستی پیٚکردووە، ئەوەش بەئامانجی سووت وەرگرتنی کۆلۆنیالیستانە لەکورد، وەك هیٚزیٚکی سوپایی دژ بەئیمپراتۆریٚتی عوسمانیو قاجاری بۆ ویٚنە: ڤلیامینۆف زیٚرنۆڤ بلاٚوکەرەوەی شەرەفنامەو ژمارەیەکی زۆر لەکوردناسە نیٚودارەکانیی رووس وەك پیۆتر لیٚرخ و ن.یامار و فەردیناند یوستی و ئەلەکسەندەر ژاباو مینۆرسکیو نیکیتین، کوردناسی سەردەمی پیٚش رژیٚمی کۆمۆنیستی بوون، کە ئەمانەش بەزۆری، یان دیپلۆمات بوون، یان سوپایی بوون لەگەلٚ ئەوەشدا چاپکردنی چەند کتیٚبیٚك، یان خویٚندنی زمانی کوردی لەچەند قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا؛ ئەوەش بەئەلف و بیٚی سریال (کە کوردی دەرەوەی سۆڤیٚت هیچ سوودیٚکیان وەرنەگرت لیٚی)، یان دەرهیٚنانی رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ملٚهوڕانی رژیٚمی سۆڤیٚت، یان بوونی بەرنامەیەك لەئینستووتیٚکدا بۆ کوردناسی، ئەوەش لەباری سەرنجی سۆڤیٚتەوە ئەمانە هەموو درۆپیٚك ئاونین بەرامبەر ئەو ئاگری گەلکوژی چەند جارەی رژیٚمی سۆڤیٚت لەکوردەکانی بندەستیو، لەنیٚو بردنی کۆمارە ئۆتۆنۆمی دارەکەی (کوردستانی سۆر)و دانی خاکەکەی بەئازربایجان و، کۆچ پیٚکردنی کورد بەکۆمەلٚ لەشویٚنی خۆیانەوە بۆ سیبیریاو کازاخستان و، مردنی هەزارانیان لەڕیٚ لەبرسانداو لەسەرماندا، گوللە بارانکردنی هەزارانی دیکەیان. ئەوجا پاش تۆپینی ستالین و هەتا داتەپینی ئیمپراتۆریٚتی ترکەلٚەکی سۆڤیٚتیش، کۆماری کوردستانی سۆر دانەمەزراوەتەوەو، بیٚجگە لەمەش رژیٚمی سۆڤیٚت یەکەمین دەولٚەت بوو کەدانی بە ((حکومەتی ئەنقەرە))ی (ئەتاترك) داناو لە ١٩٢١/٣/١٦ پەیمانی (هاوڕیٚیەتی) لەگەلٚ بەست، بەر لەوەی هیچ دەولٚەتیٚکی دیکە دانی پیٚدانابیٚ هەروەها بیٚدەنگی (کۆنگرەی گەلانی رۆژهەلاٚت) کە لە ١-١٩٢١/٩/٨ لەباکۆ بەسترا لەسەر مافی کورد، ئەگەرچی هەشت کورد لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، بەلاٚم پەسندانی (حکومەتی ئەنقەرە) وەك ((حکومەتی جۆتکارو هەژار)). ئەمەش کاتیٚك بوو کە پەیمانی سیٚڤر هیٚشتا لەکاردا بوو. دووایی فرۆشتنی کۆماری کوردستان بەشای ئیٚران لەسەردەمی ستالین داو بوونە هۆی شەهید کردنی پیٚشەوا قازی محەممەدو

هەزاران كوردی دیكە، ئەوەش بەرامبەر بەڵێنی وەرگرتنی مافی گەڕان بەدوای نەوتدا لەباكووری ئێران. ئەوجا خراپەكاری بەرامبەر شۆڕشگێڕی گەورەی كورد سەرۆك بارزانیو هاوڕێكانی؛ كاتێك پەنایان بردبووە بەر سۆڤێت. هەروەها پشتگیری كردنی گەل كوژی رژێمی بەعسی عێراق لەكوردو هەرەسهێنانی بەشۆڕشی ئەیلول بەچەك و پشتگیریی دیپلۆماسیی رژێمی بەعس، پاكانە كردن بۆ كیمیا باران كردنی هەڵەبجەو سەردەشت و بادینان و زەردی ئاوا (قەراخ).

ئەم كارەساتە جگەر بڕانەو تاوانە زلانە لەلایەن شاكریٚ خدۆو هاوڕێكانییەوە هیچ باس نەكران و رەنگە ئەگەر من سەرنجی بینەرانی بەرنامەكەم بۆ دیوە رەشەكانی رژێمی سۆڤێت و زوڕنا ژەنە كوردەكانی رانەكێشایە، ئەوا هەر هەمووی دیزە بەدەر خۆنە بكرایە.

ئاشكرایە ئەز لەو كۆرە تەلەڤیزیۆنییەدا نەبووم كە شاكریٚ خدۆو هاودەنگەكانی تێیدا بوون، ئەز بەتەلەفۆن بەشداریم كردو بۆ ماوەیەكی كورت. لەبەر ئەوە بواری ئەوەم نەبوو وەرامی ئەو قسانەی ئەوان و تێبینی كەسەكانی دیكە بدەمەوە كە پاش تەلەفۆنەكەی من كردیان بۆ وێنە كاك جەمشید حەیدەری بەتەلەفۆن گووتی كە كوردستانی سۆر لەسەر ئازربایجانە، نەك لەسەر ئەرمەنستان. من لەقسەكانمدا ئەوەم گووت كە ستالین كاتی خۆی كوردستانی سۆریدا بەئازربایجان نەم گووت لەسەر ئەرمەنستان بووە. بەڵام پاش شەڕی ئەرمەن و ئازەری لەسەر نێوچەی ئەگزاخ (نەگۆرنی قەرەباخ) بەشێكی گەورەی كوردستانی سۆر، بەتایبەتی پێتەختەكەی كە لاچینە كەوتە دەست ئەرمەنییەكان و ئێستە بەدەست ئەوانەوەیە. دیارە جەمشید حەیدەری هیچ ئاگای لەسەردەمی پاش تلیسانەوەی شێرەبەفرینەی سۆڤێت نییە؛ كە ئەو سالانی ساڵ بەپیرۆزو نەتەكین (مصون)ی دەزانی دووایی جەمشید حەیدەری بەدەمی خۆی گوتی كە ئەو و برادەرە كۆمینیستە عێراقییەكانی لەپاش حەفتاكانەوە ئەو راستییانەیان باش دەزانی كە رژێمی سۆڤێت چییەو چی بەكورد كردووە، بەڵام باسیان نەدەكرد، ئەوەش ((لەبەر خاتری سۆسیالیزم))!! زۆر سەیرە؟!

كەسێك خۆی كورد بیٚو رژێمێكی تیرۆریستی كورد كوژی دژ بە ئازادیو یەكسانی مرۆڤ و هەڤاڵبەندی رژێمی ئەتاتورك و ڕەزاخان و هیتلەرو رژێمی بەعسی عێراقی تیرۆریست بەرژێمێكی ((سۆسیالستی)) بداتە قەڵەم، كە سۆسیالیزم لەئازادیو یەكسانیی مرۆڤ بەولاوە هیچیدی نییە. پاشان جەمشید حەیدەری گوتی كە هەر دڵزار نەبووە بەهۆنراوە پەسنی (مدح) ستالینی داوە، هەژاریش هەروای كردووە. لەوەدا كاك جەمشید راست دەكا. هەژاریش وەك دڵزار ستالین پەرست بووەو گووتوویەتی:

**كوردە؛ دەتەویٚ ببی سەربەخۆ**<br>
**هەستە، دەی راكە تۆ بەرەو مۆسكۆ**<br>
**قسەی درۆیە سان فرانسیسكۆ**<br>
**بژی بژی ستالین، خۆش بیٚ چەكوش و داس**<br>
**لەژێر ئیستیبداد كوردی كرد خەلاس**

ئەز مەبەستم لەنێو نەهێنانی هەژار ئەوە نەبوو كە هەژار بپارێزم، چونكە لەو

لێکۆڵینەوەیەدا کە لەبارەی گۆڤاری ((نیشتمان)) زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکافەوە نووسیومەو لەساڵی ١٩٨٥ لەسوێد بەکوردیو ئەڵمانی بڵاکراوەتەوە، باسی هەژارو هۆنراوەکەیم کردووە (تەماشای ل٤٧ی بەشە کوردییەکەی بکەن). لێرەدا تەنێ مەبەستم ئەوەبوو نموونەیەك بهێنمەوە بۆ هوردە بۆرژوای مارکسیستی کوردو نەمویست لیستەکە درێژ بکەمەوە، ئەگەر نا سەرە دەگەیشتە سەر کاك جەمشید خۆشی.

شاکرێ خدۆ لەکۆڕە تەلەڤیزیۆنییەکەیدا گوتی کە گوایە کوردەکانی کۆنە سۆڤێت خەڵکی ئەوێ نەبوون و لەدەرەوە وەك ((کۆچەر)) هاتوونەتە ئەوێ بەکورتی دەیویست بێژی لەوێ (لەسۆڤێت) پارچەیەك کوردستان نەبووە. ئەمەش هەر ئەو قسەیەیە کە زورناژەنەکانی رژێمی سۆڤێت ساڵانی ساڵ دەیانکرد بۆ ئەوەی رژێمی سۆڤێت بەداگیرکەری بەشێکی کوردستان نەدەنە قەڵەم. شاکرێ خدۆ بەرۆژنامەی "میدیا" دەبێژێ:

(هێندێك دەبێژن پێنچ کوردستان هەنە. ئەز ئەوە قبولْ ناکەم، ئەوە راست نییە کە لەوێ لەلاچین، کەلبەژار، کوبادلی، زەنگیلان لەکۆماری ئازربایجان پارچەیەك هەبێ. کورد لەسەردەمی شەدادیەکانەوە لەوێ دەژی بەڵام ئەم شوێنانە پارچەیەك نین لەخاکی کوردستان. ئێمە وەکوو کورد گەرەکە هەندێك واقعیو ریالیست بین، ئێمە هێشتا چوار پارچەمان رزگار نەکردووە، داوای پارچەی پێنجەمیش دەکەین و دایدەنێینە تەنیشت چوار بەشەکەی تر. ئەوە شتێکی هەڵەیە ئەز ئەوە قبولْ ناکەم و راست نییە. دەکرێ وەکوو نەتەوەیەك کە لەسەر خاکی خۆت نی لەوێ داوای مافی ئۆتۆنۆمی خۆت بکەی).

جارێ بەر لەهەموو شتێك دەخوازم بەشاکرێ خدۆ بێژم کە((پێنج کوردستان تونەیە)). بەڵکوو یەك کوردستان هەیەو، لەسەردەمی سۆڤێتدا پێنج پارچەبوو، ئێستە بووە بەشەش پارچە چونکە کوردستانی سۆر بەشێکی کەوتووتە دەست ئەرمەنییەکان و بەشێکی هەر بەدەست ئازەرییەکانەوەیە. شاکرێ خدۆ کە کوردی سۆڤێت بەمێوان و کۆچەرو وبێ خاك و (کرێ گرتە)ی ماڵی ئازەرییەکان دادەنێ، دەبێ ئەوە بزانی کە کوردستانی سۆر کە لەسەردەمی لێنیندا بوو بەکۆمارێکی ئۆتۆنۆمیدار، وەك قارچك لەزەوی هەڵ نەتۆقی بوو، لەوەپێش هەبوو، ئەگەرنا ئۆتۆنۆمی وەرنەدەگرت لەنێو دەریایەك ترکزمان دا. لەسەردەمی قەیسەردا بەو بەشە کوردستانەیان دەگووت ((کوردستانی سۆر)) چونکە خاکەکەی سۆر بوو، نەك "سۆر" وەك نیشانەی کۆمۆنیستی شاکرێ خدۆ خۆشی دەبێژی کە کوردستانی سۆر لە ١٩٢٣ دامەزراو شەش ساڵێك ژیا، تا لەکۆتایی بیستەکاندا بەفیتی تۆرانییە ئازەرییەکان و فەرمانی ستالین هەڵوەشێنرایەوەو خرایە سەر ئازربایجان. ئەو هەرێمە بچووك نەبوو، وەك شاکرێ خدۆ دەیەوێ بێ نرخی بکا. بەڵکوو هەر؛ بەقسەی خۆشی نێوچەکانی لاچین و کوبادلیو کەلباژارو زەنگیلان و گەلێك شوێنی دیکەشی دەگرتەوە،و درێژ دەبۆوە تاسەر سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان لەنزیك خۆیو سەڵماس و

سنووری باکووری ئازربایجانی رۆژئاواوە کە بەشێکە لەرۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵگەش بۆ ئەوەی ئەو هەرێمە پێش سەردەمی کۆمۆنیستی هەر نێوی کوردستان بووە، ئەوەیە لێنین لە تەلگورافێکیدا کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ کادرەکانی حزبەکەی ناردووە بۆ ئازربایجان، رایسپاردوون کە ((جۆتکارە هەژارەکانی کوردستانیان لەبیر نەچێ)). بێجگە لەوەش ئەگەر وتارەکەی مینۆرسکی لەئینسکلۆپیدیای ئیسلام و نووسینەکانی خاڵفین بخوێنینەوە تێدەگەین کە لەوڵاتی سۆڤێت پارچەیەك کوردستان هەبووە لەسەردەمی پێش کۆمۆنیستیداو پاش ئەوە بەپێی پەیمانی برێست- لیتوڤیسك کە لە ١٩١٨/٣/٣ لەنێوان سۆڤێت و بەرەی رۆژئاوادا بەسترا پارچەیەکی دیکەی خاکی کوردستان بەسۆڤێت بڕا. لەبەر ئەوە قسەکانی شاکرێ خدۆ نەك هەر زانستانە نین بەڵکو ساختەکارانەن و دژایەتیشین بەرامبەر مافی رەوای کوردو خەڵکی کوردستان. دووایی کە کاك شاکر دەبێژی کە کورد لەوێ لەسەر خاکی خۆی ناژی؛ با داوای ئۆتۆنۆمی بکا خۆ کورد ئۆتۆنۆمی هەبووە، بەڵام ترکەکان بەیارمەتی ستالین ئۆتۆنۆمییەکەیان لرف دا. لێرەدا کاك شاکر دەیەوێ کورتانەکەی حەماڵ بەکورد بدورێتەوە. ئەوجا کە شاکرێ خدۆ دەبێژێ: (ئێمە هێشتا چوار پارچەمان رزگار نەکردووە داوای پارچەی پێنجەمیش دەکەین) قسەکەی هۆقە بازانەیە. چونکە ئێمە هێشتا نەك چوار پارچە، بەڵکوو پارچەیەکیشمان بەتەواوی رزگار نەکردووە. جا کەوایە نابێ جارێ باسی هیچ پارچەیەکی دیکە بکەین، چونکە جارێ پارچەیەکمان بەتەواوی پێ رزگار نەکراوە.

ئێستە پاش ئەم قسانە چی بۆ جەنابی شاکرێ خدۆ دەمێنێتەوە؟ شاکرێ خدۆ کە کورد بە ((کۆچەر)) دادەنێ، دەبێ ئەوە بزانی کە خاکی ئازربایجان کە ئەوڕۆ بەشێکی گەورەی بە ترکنشین دەدرێتە قەڵەم، پێش شاڵاوی مەغۆلەکان و هۆزە ترکەکان کە لەنێوە راستی ئاسیاو چیاکانی ئالتایەوە بەکۆچەریو بۆ راووڕووت روویانکردە هەرێمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسیو ئاسیای گچکە، یەك ترکزمان لەئازربایجان نەدەژیا. تەماشایەکی سەرپێیی نەخشە کۆنەکان بکەن بزانن وڵاتی ترك لەکوێو ئازربایجان لەکوێ. تەنانەت سەرنجدانێکی نێوی شوێنەکانی ئازربایجان، بۆمان دەردەخا کەنێوەکانیان ترکی نین.

هەر بۆ وێنە وشەی باکۆو تەورێز (تبرین) خۆیان بۆ خۆیان هاوار دەکەن. ئازربایجان وشەیەکی کوردی- ئێرانی کۆنەو نێوچەیەکی کۆنی کورد بوو. هەر شەدادییەکان نەبوون کە لەوێ فەرمانڕەوا بوون کە ئەوەتە شاکرێ خدۆ دەفەرموێ ((دەرکراون لەوێ))، بەڵکوو ئەو وڵاتە وڵاتی کورد بووەو کراوە بەترکزمان. راستە لە سەدەی ١٩و ٢٠دا هێندێك کوردی دراوسێی ئیمپراتۆرێتی قەیسەریو ئەوجا سۆڤێتی رەڤینە نێو وڵاتی قەیسەریو سۆڤێتییەوە، بەڵام ئەمانە کەمەیەکی کەم بوون. چەند هەزارێك کۆچەری پەنابەری بێ دەسەڵات ناتوانن هەرێمێکی گەورەو پان و

فراوانی وەك كوردستانی سوّر لەدەست دانیشتووەكانی بستێنن و نێوی بنێن كوردستان. ئەوەش لەسەردەمی سوّڤێت و دەسەلاّتی توّرانێتی ئازربایجاندا.

شاكریّ خدوّ لەدانیشتنە تەلەڤیزیوّنییەكەدا زوّر پێی ناخوّش بوو كە گوتم؛ لەرێی كەسایەتی ئەرمەنی دوكتوّر ژیرایەر كوّچەریانەوە هەولّمان داوە كە كاریەدەستانی ئەرمەنستان وا لێ بكەین جارێكی دی كوردستانی سوّر دابمەزرێتەوەو، ئەو هەولّە تائێستە سەری نەگرتووە. سەیر ئەوەیە دوكتوّر مارف خەزنەداریش هەر بەتەلەفوّن گوتی كە ((واباشە واز لەكوردستانی سوّر بهێنریّو بخرێتە لاپەڕەی مێژووەوە)). باشە! جا ئەگەر ئێمە ئاوا بیر بكەینەوە، دەبێ واز لەكەركوك و مووسلّ و خانەقین و جلەولاو شارەبان و زەرباتییەو مەندەلیو كووت و شەنگارو شێخان و مەخموورو گەلێك شوێنی دیكەش بهێنین، چونكە بەعسییەكانی عێراق كوردەكانی ئەو شوێنانەیان دەركردووەو لەجێی ئەوان عەرەبیان نیشتەجێ كردووە، وەك چوّن تركە توّرانییە ئازەرییەكان كوردی كوردستانی سوّریان بەیارمەتی ستالین دەركردو تركیان لەو شوێنانە نیشتەجێ كردو ئێستەش ئازەرییەكان بەیارمەتی هێندێك ئازەری توّرانی كە لەنێو رژێمی ئێراندا دەستیان دەڕوا دەیانەوێ گەلێك نێوچەی "ئازربایجانی روّژئاوا" كە بەشێكن لەخاكی كوردستان بكەنە تركنشین بە دەرپەڕاندنی كوردەكانی ئەو نێوچەیە .

لێرەدا دەمەوێ پەنجە بوّ هەواڵێك رابكێشم كەچەند روّژێك پاش ئەم وتووێژە تەلەڤیزیوّنییە بلاّوكرایەوە. راستییەكەی نازانم ئەوە رێككەوت بوو، یان كاركردنی ئەو وتووێژە بوو روّژنامەی ("یەنی مساوات" یەكسانیی نویّ) كە روّژنامەیەكی شوڤێنیستی توّرانییەو بەزاری تركمانی لە باكوّ دەردەچێ، لەروّژی ۱۱/۱۱/۲۰۰۰دا نووسی بووی كە كامیلی حەسەنوّف ((سەركردەی كوردە ئازەرییەكان))و سەركردەی مەڵبەندی روّشنبیری كورد (روّناهی) لەدژی پروّژەیەك قسەی كردووە كە بەپێی ئەوە كوردی دەرەوە دەبەن لەنێوچەی لاچین دا نشتەجێیان دەكەن. حەسەنوّف گوتویەتی كە ئەوە فیتی ئەرمەنییەكانە، هەروەها گوتویەتی كە لەساڵی ۱۹۹۳دا هەوڵێك دراوە بوّ ئەمە، بەلاّم لەدژی ئەو پروّژەیە زوّر كار كراوە تا پەكی خراوە. حەسەنوّف درێژە بەقسەكانی دەداو دەبێژی: چووینە لای دەزگەی سەروّكایەتی "ئازربایجان"و چاومان بەهیدایەت ئوّریوّف، راوێژكاری دەوڵەت بوّ كاروباری ئیتنی كەوت، ئەوجا چەند ریش سپییەكمان نارد بوّ لای ئەو كەسانە كە "بەتەما بوون بچن بوّ لاچین" شێخ عەبدولمەناف؟ كە خوّی كوردە بانگەوازێكی بوّ ئەو كوردانە دەكرد كە دەیانویست بچن بوّ لاچین و وای لێ كردن كە بیری خوّیان بگوّڕن. بەلاّم ئەم راپوّرتانەی دووایی كە لەروّژنامەكەدا بلاّو كرانەوە لەبارەی نیشتەجێكردنی كوردەوە لەلاچین ئێمەی زوّر شپرزە كرد. ئێمەی كوردی ئازربایجان ئەو هەوڵدانە بەنەعلەت دەكەین كە كورد لەدەرەوە بهێنن بوّ نێو لاچین. ئێمە بەوە رازی نابین دڵنیاشم لەوەی كە كوردە

موسوڵمانەکان نایەنە لاچین. لەئەرمەنستانیشدا چەند خێزانێکی "کەم" ئەرمەنی ماون. ئێمە داوا دەکەین کە ئەم پرۆسەیە رابگیرێ. دەمەوێ جارێکی دی بێژم کە ئێمە ئەم کردەوانە ریسوا دەکەین کە لەلایەن کاربەدەستانی ئەرمەنی‌یەوە دەکرێن. ئێمەی کورد دەمانەوێ لەگەڵ خوشك و برا ئازەری‌یەکانمان پێکەوە یگەڕێینەوە نیشتمانی خۆمان؟))، شایانی باسە رادیۆی BBC دوو رۆژ دووای ئەوە؛ واتە لە ١١/١٣دا هەر ئەو هەواڵەی بلاو کردەوە.

وەکو کورد "دەبێژن سەیرە لە کۆیە!!!" سالانی ساڵەو هەتا ماوەیەك لەمەوبەر، تورکە ئازەری‌یەکان دەیانگوت کورد لەئازربایجاندا نین. ئەمەتە شاکریێ خدۆ خۆشی لەهەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ "میدیا" دان بەوەدا دەنیێ کە ئازەری‌یەکان لەپاش ساڵی ١٩٧٠ەوە دەبێژن کە کورد لەئازربایجاندا نین. بەلام ئێستە بۆ دووژمنایەتی کردنی کورد، کورد هەر نەك لەئازربایجاندا پەیدا بوون، بەڵکوو سەرکردەشیان هەیەو خۆی کردووە بەدەمڕاستیان و نایەوێ کورد بگەڕێنەوە لاچین، بەڵکوو دەیەوێ "لەگەڵ ئازەری‌یەکان بچنە لاچینەوە" واتە کوردستانی سۆر دروست نەبێتەوە. ئەمەش هەر قسەکەی شاکری خدۆیە کە نایەوێ لەبارەی ئەو هەوڵدانەوە بۆ دامەزراندنەوەی کوردستانی سۆر قسە بکا. چونکە کە رۆژنامەی "میدیا" لێی دەپرسێ "بیروڕای چییە لەبارەی هەوڵەکانی مستەفا وەکیلەوە کە لەساڵی ١٩٩٢دا دابووی بۆ زیندوو کردنەوەی کوردستانی سۆر؟" شاکریێ خدۆ دەفەرموێ: ((ئەز باسی ئەو پرسە ناکەم و حەز ناکەم لەو بارەیەوە بدوێم)).

لێرەدا بەدڵنیایی‌یەوە دەبێژم کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان هێشتا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کە کوردستانی سۆر بدەنەوە بەکورد. چونکە هەموویان لەو بارەیەوە بۆچوونیان وەك یەك نی‌یە. بۆ ئەمەش

**بوونی خاکی کوردستان لە بندەستی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو راستییەکی مێژووییە.. چەند هەزارێك کۆچەری پەنابەری بێ دەسەلاتیش ناتوانن هەرێمێکی گەورەو فراوانی وەك کوردستانی سۆر لەدەست دانیشتوانەکەی بستێنن و نێوی بنێن کوردستان**

سەرنجی خوێنەرەوەی ئەم وتارە بۆ ئەم هەوالانەی خوارەوە رادەکێشم:

رۆژنامەی Turkish Daily News کە زمان حاڵی دەوڵەتی ترکە لەرۆژی ٢٠٠٠/١٠/٢٨ نووسیبووی کە ((فەلەك ناز، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لەگەڵ شاندێکی ئەوەی نێویان ناوە کۆنگرەی نەتەوەیی‌ی کورد (KNK) چووە بۆ ئەرمەنستان بۆ پرۆپاگەندە

کردن بۆ پێ کێ کێو هاندانی ئێزیدییەکانی ئەوێ بۆ پشتگیری کردنی KNK)) ئەز فەلەك ناز دەمێکە دەناسم و دەزانم کە کچێکی کوردی رۆشنبیرو ژێهاتییە. مالْباتی فەلەك ناز مالْباتێکی کوردی ئێزدی نیشتمانپەروەری خەلْکی باکووری کوردستانن و ٣٠ سالْ پترە لەئەلْمانیا دەژین و کار دەکەن، فەلەك ناز، وەك خوشك و براکانی لەئەلْمانیا لەدایك بووە، بەلاّم بەکوردییەکی جوان و رەوان قسەدەکاو زۆر لەسەر مافی کوردو بێگانەکان دەکاتەوە، ئێستە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپایەو لەبرۆکسل (بەلجیکا) دادەنیشێ.

جا لەبەر ئەوەی ئەو هەوالْەی رۆژنامەی نێوبراو بلاّویکردبووەوە. سەرنجی منی زۆر راکێشا؛ دەمویست بزانم راستییەکەی چییە. بەرێککەوت لەرۆژی٢/١٢/٢٠٠٠دا چاوم بەفەلەك ناز کەوتەوەو ئەوەش لەشاری ڤینیسیا (ئیتالیا) بەبۆنەی گرتنی کۆنفرانسێکەوە لەو شارە لەلایەن شارەوانی ڤینیسیاو جڤات (کۆمۆنیتا)ی کوردەکانی ئیتالیاوە بۆ باسی دۆزی کوردو باسی پرۆژەیەکی گرنگ بۆ خزمەتی زارۆی کورد کە نێویان ناوە "پرۆژەی چەمچەمالْ" کاربەدەستانی ڤینیسیا، فەلەك نازو دوکتۆر مەحموود عەلی عوسمان و منیان بانگێشت کردبوو بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفراسەدا.

دیارە ئەم وتارە جێی ئەوە نییە باسی ئەو کۆنفرانسە بکەم کە لەڕاستیدا سەرکەوتنێك بوو بۆ کوردو مالّی جڤاتی کورد لەئیتالیا ئاوا بێ کە بەژمارە کەم و بەکارو کردەوە زۆرن، دەشزانم کە بەرێز شۆڕش سورمێ کە پەیامنێری رۆژنامەی "برایەتی"یە لەئیتالیا، خۆی لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوو، وتووێژێکیشی لەگەلْ من تۆمار کردو خۆیایە کە رێپۆرتاژێك لەسەر ئەو کۆنفرانسە دەنووسی. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە لە فەلەك نازم پرسی، کە تۆ چوویت بۆ ئەرمەنستان چت کردو دەبێژی چی بەرامبەر ئەو هەوالّەی لەبارەی تۆوە بلاّو کراوەتەوە؟ گوتی: ((ئاگام لەو هەوالْە نییە)). گوتم: ((باشە کە گەڕامەوە بەرلین رەوانەی دەکەم بۆت))، ئەوجا گوتی: ((دلْنیابە ئەو هەوالاّنە رۆژنامەی دەولْەتی ترك بلاّوی کردوونەتەوە درۆی رووتن. راستە چووم بۆ ئەرمەنستان بۆ ئەوەی بزانم باری ژیانی ئێزدییەکان و کوردی دیکە چۆنە، بەلاّم نەك بۆ ئەو شتەی کە رۆژنامەکە نووسیویێتی)). دووایی گوتی: ((ئەرمەنییەکان رێیان نەدا پێم کە بچم بۆ کوردستانی سۆر. رووسەکانیش ڤیزەیان نەدا پێم کە بچم بۆ رووسیاو سەرێکی کوردەکانی ئەوێ بدەم. بەلاّم زۆربەی کاربەدەستە ئەرمەنییەکان کوردستانی سۆر بەخاکی خۆیان دەزانن و بەتەمانین بیدەنەوە بەکوردو تەنانەت گەلێك ئەرمەنی هەن کە باسی کوردیان دەکرد وەك دوژمن باسیان دەکرد)). هەروەها گوتی: ((چووم بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی HADEPدا وەك ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپاو، ویستم بەکوردی قسە بکەم، گوتیان قسەکردن بەکوردی رێبەند (ممنوع)ە گوتم: باشە بە ئەلْمانی قسە دەکەم؛ گوتیان؛ نابێ دەبێ بەترکی قسە بکەیت، گوتم ترکی نازانم، گوتیان: دەکەواتە مافی قسە کردنت نییە. پەرلەمانی ئەورووپاشم ئاگادار کردەوە)).

بەمەدا دەردەکەوێ ئەو هەواڵەی تۆرانیەکانی ئازربایجان لەبارەی گەڕانەوەی کوردەوە بۆ لاچین نووسیویانەو جاشە کوردەکانیانی خستووەتە جرتوفرت، جارێ لەڕاستی‌یەوە دوورە. بۆیە کار دەکرێ بۆی، شایانی باسە بزوتنەوەی تۆرانێتی لەئازربایجان و بەتایبەتی لەئازربایجانی ئێراندا گەلێك توندو تیژترە لەبزوتنەوەی تۆرانێتی لەسنووری دەوڵەتی ترکدا. ئەمەش مەترسی‌یەکی گەورەیە، نەك هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ئێران. بەتایبەتی چونکە ئازەری‌یەکانی ئێرانی؛ بەژمارە زۆرو بەدەسەلات بەهێزن. ئازەری‌یەکان دەستیان گرتووە بەسەر بەرێوەبەرایەتی سیاسەت و دەوڵەتی ئێران دا، هەروەها ئابووری ئێران و بازاڕی ئێران بەدەست ترکەوەیە. زۆربەی سەرکردەکانی لەشکری ئێران ترکن مەلا حەسەنی کە خوتبەخوێنی رۆژانی هەینی شاری ورمێیەو، دەستی تا بن هەنگڵی بەخوێنی کوردی قارناو ورمێ سوورە. رۆڵێکی دیار دەبینێ لەکورد دوژمنی و ژن دوژمنی‌دا*.

دەبێ ئەوەش بزانین کە خامەنەیی‌و زۆربەی ئایەتوڵلا دەستڕویشتوەکانی ئێران ترکن هاوینی ئەمساڵ. لەسەردانێك دا بۆ ئەردەبیل، خامەنەیی ماوەیەك بەترکی قسەی کردو گوتی ((ئێران لەچەند گەلێك پێکهاتووەو لەپێش هەموویانەوە ترك و فارس کە هەردووکیان بران، چونکە هەردووکیان موسوڵمانن)).

شایانی باسە کە شاکرێ خدۆ هەر ناڕاستەوخۆ پشتگیری رۆڵی ستالینی تیرۆریست و جافەری باقرۆفی تۆرانی، لەچارەنووسی خوێناوی کوردستانی سۆردا ناکاو بەس، بەڵکوو بۆ رژێمی تاوانباری سۆڤێتیش دەپارێتەوە لەو دەستبرینە بێ شەرمانەیەدا کە لەکاتی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦–١٩٤٧) بەرامبەر بەکورد ڕوویدا.

شاکرێ خدۆ دەبێژێ:

((چونکە کاتێك لەساڵی ١٩٤١دا لەشکری ئێمە چووە ئەوێ (ئێران) ئەوە بەگوێرەی خاڵێکی پەیمانی ساڵی١٩٢١ بوو لەنێوان ئێران و رووسیا بۆیەش دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم گەرەك بوو رووسیا لەشکری خۆی لەئێران بکێشێتەوە، لەبەر ئەوە بەتێڕوانینی من رووسیا نەیدەتوانی یارمەتی کوردی مەهاباد بدات)).

گوێبگرن خەڵکینە تابزانن شاکرێ خدۆ چ دەفەرمووێ: ((کاتێك لەساڵی ١٩٤١دا لەشکری ئێمە چووە ئەوێ (ئێران).. هتد)) فەرموون؛ ئەوەتە کاك شاکر لەشکری ستالینی تیرۆریست و سۆڤێتی کوردکوژ کە هەردووکیان بەڕووی ڕەشەوە گۆڕ بەگۆڕ بوون، ئێستەش هەر بە "لەشکری خۆی" دەزانێ ئەرێ "لەشکری ئێمە"! پێم وایە لەوەشدا ناهەقی نی‌یە، چونکە ئەو ئێستەش هەر خۆی بەنانخۆری وان دەزانێ‌و بیرو هۆشی هەر لەو سەردەمەدا دەخولێتەوەو پاکانە بۆ ئەو سەردەمە دەکاو بەچوار چاو بۆ ئەو رژێمە تاوانبارە دەگری‌و راستی نابێژێ کە ستالین کوردی رۆژهەڵاتی بەبەڵێنی مافی گەڕان بەدووای نەوتدا لەباکووری ئێراندا فرۆشت، کە دەستیشی نەکەوت.

شاکرێ خدۆ لەبارەی پێوەندی‌یەکانی روسیا بەکوردەوە دەبێژێ: ((''هەڵوێست''ی

رووسیا بەرامبەر کوردەکان هێندێك بۆنی بێ لایەنی لێدێت، ئەویش گرێدانی پێوەندییەکانی رووسیایە، چونکە پێوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ ئێران و عێراق و سووریا خۆشن)).

ئەمە نەك هەر شاردنەوەی راستی‌یە بەڵکو ساختەکارێتی‌و گۆڕینی راستی‌یە. چونکە هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر کورد هەڵوێستێکی بێ لایەنانە نی‌یە، بەڵکوو هەڵوێستێکی دژایەتی تەواوە حکوومەت و پەرلەمانی رووسیا بەکۆمۆنیست و ناسیۆنالیست و لیبڕاڵەوە پشتی سەددام دەگرن و هەوڵدەدەن بۆ نەهێشتنی "نێوچەی نەفرین"و لابردنی "هەرێمی ئاسایش"و گێڕانەوەی سەددام بۆ نێوچەی دەسەڵاتی کورد. حکوومەتی رووسیا ئۆجەلانی نەگرتە خۆی‌و پەنابەرێتی نەدایەو دەریکرد،و هێشتا ئۆجەلان بەفڕۆکە نەگەیشتبووە رۆما کە پریماکۆفی سەرۆك وەزیرانی رووسیا دەوڵەتی ترك و هەموو جیهانی لەسەفەری ئۆجەلان ئاگادار کردبوو. حکومەتی رووسیا یارمەتی‌ی تێکنۆلۆژی‌ی رژێمی ئێران و عێراق دەدا بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی‌و تۆپی دوورهاوێژ. رووسیا نەك هەر بێ لایەن نی‌یە، بەڵکو دوژمنە. بێ لایەنی ئەوەیە نەیارمەتی کورد بداو نەیارمەتی دوژمنەکانی. شاکرێ خدۆ ئەم راستینە زەقانە وەردەگێڕێ‌و پێی وایە دەتوانێ رووی خۆری رۆناك بەکەلە بێژنگ بگرێ.

شاکرێ خدۆ لەهەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ "میدیا" هێندێك شت باس دەکا کە ئامانجی هاتنی خۆی‌و هاودەنگەکانی بۆ هەولێر ناڕاستەوخۆ دەخاتە روو، شاکرێ خدۆ باسی پەرتوکێك دەکا کە دەبێژێ بریتی‌یە لەمێژووی کوردستان و دەبێژێ ((جاری یەکەمینە نەك تەنیا لەرووسیا، بەڵکو لەکوردستان و هەموو جیهاندا کارێکی وا زانستی بۆ مێژووی کوردستان بکرێ. ئەو پەرتۆکە لەلایەن پێنچ پرۆفیسۆران و بەسەرۆکایەتی‌ی من نووسراوە. ئێستا من ئەو پەرتۆکەم لەگەڵ خۆم هێناوە بۆ ئەوەی بیدەمە برادەرانی ئێرە کە بیگۆڕنە زاراوەی سۆرانی‌و لەزانکۆو قوتابخانەکاندا بخوێندرێ)). شاکری خدۆ درێژە بەقسەکانی دەداو دەبێژێ: ((دیارە کاتی خۆی رەحمەتی محەممەد ئەمین زەکی مێژووی کوردستانی نووسیوە. هەروا مێژووی پارچەکانی کوردستانیش هەیە کە بەجیاو تایبەتی نووسراوەتەوە. بەڵام ئەوەی ئێمە لەوەدا جیاوازە کە بەشێوەیەکی گشتگیرو زانستی نووسراوەتەوە)).

جارێ بەر لە هەموو شتێك دەبێ بزانین پاش ئەوەی گوێمان لەقسەکانی شاکرێ خدۆ بوو لەبارەی کوردستانی سۆرو کۆماری کوردستان و سیاسەتی رژێمی تیرۆریستی سۆڤێت و بەتایبەتی ستالین بەرامبەر بەکورد هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤێتەوە تا لەنێوچۆنی، پێویستیمان بەزەحمەت دانە بەرخۆ نابێ تابزانین کە شاکرێ خدۆ ئێستەش هەر گرێدایی‌ی رەوشی سۆڤێت و خەون بەو سەردەمەوە دەبینێ‌و قسەکانی بەلای هەق دا ناچن.

لەبەر ئەوە زۆر گومانم لەوە هەیە کە پەرتووکێك بەسەرپەرشتی وی نووسرابێ ئاوێنەی راستینەی مێژووی کوردستان بێ. کاربەدەستانی باشووری کوردستان

پێویستە لەسەریان بەهیچ جۆرێك بڕیاری ئەوە نەدەن ئەو پەرتۆكە لەهیچ خوێندنگەو زانستگەیەكدا بەكار بهێنرێ هەتا چەند زانایەكی كوردی بەتەنگەوە هاتوو،و لەپێش هەموویانەوە كەسانێكی وەك دوكتۆر جەمال رەشید ئەحمەد بەهوردیو لەسەرخۆ تەماشای دەكەن و گیا كەڵەكانی دەسكەنە دەكەن، باشتریش ئەوەیە پارچە پارچە بكرێ و بەشە بەكەڵكەكانی بكرێتە كەرەسە بۆ سەرچاوەیەكی زانستانەی خۆمانە.

سەیر ئەوەیە شاكرێ خدۆ هێندەی بەرەكەی خۆی پێ راناكێشێو روو قایمانە دەیەوێ وامان تێ بگەیەنێ كە بەرهەمەكەی بەهەشتی محەممەد ئەمین زەكیو هەموو ئەو بەرهەمانەی تائێستە پێشكێش كراون زانستانە نین. شاكرێ خدۆ پێویستە بزانێ كە مێژوونووس دەبێ بێجگە لەزانایی لەبابەتەكەی خۆیدا، دوو تایبەتكاری دیكەشی تێدا بێ: یەكەمیان: ئازایەتی، واتە نەترسان لەقسەی خەڵك و رەخنەو برتەو بۆڵەی ئەم و ئەوو، نەترسان لە لەدەست چوونی بەرژەوەندیی تایبەتی. دووەمیان: دوور كەوتنەوە لەلایەنگری نابابەتانە. هەر كەسێك بەرهەمەكەی بەهەشتی محەممەد ئەمین زەكی بخوێنێتەوە دەبینێ ئەم پیاوە زانستانە كاری كردووە، واتە لەباسەكەیدا پشتی بەژمارەیەكی زۆر سەرچاوەی رۆژهەڵاتیو رۆژئاوایی جیا جیا بەستووەو، وشە فڕكێی نەكردووە. بێجگە لەوەش باسی ئەو سەردەمەی مێژووی كوردی كردووە كە پێوەندیی نەبووە بەو رۆژانەوە كە ئەو تێیدا ژیاوە. لەبەر ئەوە ناچار نەبووە خاتری كەس بگرێ. ئەمەشی لە پەرتۆكەكەیدا باسكردووە. دووایی شاكرێ خدۆیەك كە نەیەوێ باسی كوردستانی سۆرو مێژووە خوێناوییەكەیو هەوڵدان بۆ دامەزراندنەوەی بكاو نەیەوێ هەڵوێستی ستالین و سۆڤێت بەرامبەر بەكۆماری كوردستان و شۆڕشی ئەیلوول تاوانبار بكاو هەڵوێستی ئێستەی رووسیا بەرامبەر بەكورد بە(بێ لایەنی) بداتە قەڵەم چۆن كارەكەی "زانستانەو گشتگیر" دەبێ، بێگومان نابێ!.

مەبەستی سەرەكیی سەردانەكەی شاكرێ خدۆ بۆ هەولێر لەوەرامی ئەو پرسیارەدا دەردەكەوێ كە "میدیا" لێی كردووەو گوتوویەتی: ((ئێوە لەسەمیناری ١٣/١١/١٩٨٨ی سوێدو ژمارە (٢٢) گۆڤاری "رۆژا نو"دا مژدەی ئەوەتان دابوو كە مژۆلی كار كردنن لەسەر ئینسكلۆپیدیای كورد. ئایە ئەو "پرۆژەیە چی بەسەر هات"؟.

شاكرێ خدۆ دەبێژێ:

((ئێمە ئێستە لێرەدا دەمانەوێ بەئاگاداری حكومەتی كوردستان پێوەندی لەگەڵ برادەرانی زانكۆ بكەین و گفتوگۆی لەسەر بكەین، بۆ ئەوەی دەست بەو كارە بكەین چونكە بەڕاستی ئەوە كارێكی زۆر گرانەو، ئێمە بەتەنیا ناتوانین ئەو كارە بكەین، ئەوجا ئەوە هەزارو یەك گرفتیشی هەیە، ئەگەر ئێمە بگەینە بڕیارێك لێرە، كە ئەز باوەڕمەندم پێیدەگەین، ئەو كات ئێمە دەست بەو كارەی خۆمان دەكەین، بەڵام ئەوە كارێكی دوورو درێژەو دەبێ بەیەك بەرگ بنووسرێو پێویستی بەدوانزە، تا پانزە ساڵ هەیە )).

ئەرێ... ئەوەی شاكرێ خدۆ لەساڵی ١٩٨٨دا؛ واتە دووانزە ساڵ لەمەوبەر باسی

کردووەو گوایە ئەو سەردەمە خەریکی بووە، واتە ئینسکلۆپیدیای کورد، تازە دەیەوێ دەست بەو کارە بکا، ئەوەش ئەگەر هاتوو لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا بگاتە بڕیارێك لەهەولێر. ئەوجا دەبێ ئەو بڕیارە چی بێ بۆ کردنی کارێك کە بەقسەی وی ١٢–١٥ساڵی بوێ، بێجگە لەوەی کە حکوومەتی کوردستان چەند ملیۆنێك دۆلار بۆ شاکرێ خدۆو هاوڕێکانی تەرخان بکاو بۆ ئەنجامدانی کارێك کە ١٢–١٥ ساڵی بوێ. ئەوەیە "شیردا بۆ داپیردا"!!! جا وەنەبێ ئەز ئاگام لەم چیرۆکی "ئینسکلۆپیدیای کورد"ە نەبێ. ڕاستی‌یەکەی چەند ساڵێك لەمەوبەر بەبانگێشتنی ئینستیتووی کورد لەبەرلین کۆبوونەوەیەك لەبرۆکسل کرا لەخانووی "پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات" بۆ باسی ئینسکلۆپیدیای کورد. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرێزان د.کوردستان موکریانی، د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، د.عیسمەت شەریف وانلی، د.جەمشید حەیدەری، د.جەبار قادر، د.میهردار ئیزەدی، د.لازارێف، د.ژیگالیناو چەند بەرێزێکی دیکەش بەشدار بوون. ڕۆژێك بەدوورو درێژی لەسەر بابەتەکانی ئینسکلۆپیدیایەکی کورد دووایین و بڕیاردرا کە ئینسکلۆرپیدیایەکە ئینسکلۆپیدیای کورد بێ نەك کوردستان. چونکە ئینسکلۆپیدیای کوردستان زۆر کاری دەوێو کاتێکی فراوانی پێویستە. بۆ ڕۆژی دووایی عیسمەت شەریف گوتی بڕیارەکەیان گۆڕیوو و کردوویانە بەئینسکلۆپیدیای کوردستان. جا لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە دیمۆکراتانەو زانستانە نەبوو. بەڵکو ڕامیارانەو نازانستانە بوو، ئەز خۆم کێشایەوە لێ‌ی پاش ئەوەش چەند هەڤاڵی دیکەش خۆیان کێشایەوەو کارەکە سەری نەگرت.

ئینسکلۆپیدیای کورد گاڵتەی منداڵان نی‌یەو کاری یەك کەس و دوو کەس نی‌یە. دەبێ نەخشەیەکی ڕێکوپێك دابنرێ بۆی‌و بابەتەکان بەپێ‌ی پسپۆری دابەش بکرێ بەسەر سەتان زانستکاردا. سەرجەمی کارەکەش دەبێ بەچاودێری‌و سەرکردەیی کۆمیتەیەك بێ کە لەچەند زانایەکی کوردی پسپۆر کە ئامانجیان خزمەتی ڕاستی‌و نەتەوەی کورد بێ پێکهاتبێ.

**بەرلین ٢٠٠٠/١٢/١٨**

* مەلا حەسەن کە بە "ژەنەراڵ حەسەنی" نێوی ڕۆیوە، کابرایەکی دەوڵەمەندو خاوەنی زەوی‌و زارێکی زۆرە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و نوێنەری خامەنەیی‌یە لەورمێ. جا لەبەر ئەوەی لەو وڵاتە سینەماو جێ‌ی ڕابواردن نی‌یە، خەڵکەکە بەزۆری بۆ پێکەنین و کات بردنە سەر ڕۆژانی هەینی دەچنە مزگەوتەکەی مەلا حەسەنی‌و گوێ لەقسە نەستەقەکانی دەگرن. ڕۆژێکیان لەکاتی باسکردنی ژندا دەبێژێ: ((ژن دەکرێن بە سێ بەشەوە، بەشێکیان سەریشیان ناپۆشن و دەموچاویشیان ناپۆشن، ئەمانە وەك پاس وانە هەموو کەسێك دەتوانێ سواریان بێ، بەشێکی دیکەشیان سەریان دەپۆشن؛ بەڵام دەموچاویان ڕووت دەکەن، ئەمانە وەك تاکسی وانە، هەر چەند کەسێك دەتوانێ سواریان بێ، بەشێکی دیکەش هەن کە سەریشیان و دەموچاویشیان دەپۆشن؛ وەکو ژنەکەی بەندە، ئەمانە هێسترن، هەر یەك کەس دەتوانێ سواریان بێ)) کە خەڵکەکە گوێیان لەم فەلسەفەیە دەبێ هەموو بەجارێك هاوار دەکەن "الله اکبر"! "الله اکبر". جا وەرن بزانن قوربەسەری ئەم کوردە گەیشتووەتە کوێ. لەلایەکەوە تووشمان بووە بەتووشی مەلا حەسەنی‌و لەلایەکی دیکەشەوە شاکرێ خدۆ!!.